# فرەیی رۆژنامەی ئازاد و مەرگی رۆژنامەی حیزب

**عومەر جەلال**
omerjelal@yahoo.com



ئەو جەنگەی پارلەمان بەنیازە بەرانبەر رۆژنامە و یاسای کاری رۆژنامەنووسان پراکتیزەی بکات هیچی کەمتر نییە لەو شێوازە ستۆك وتۆتالیتارەی کەلە ئێرانی هەنووکە و دەسەڵاتی بەعسیزم دەبینرا بەرانبەر پرۆتیستۆی دەنگ و قەڵەمی ئازاد, هەمووما‌ن ئەوە دەزانین کە پارلەمان ئەندامی حیزبەکانی لەخۆ گرتووە و هەر حیزبە و ئایدیۆلۆژیا و رۆژنامەی خۆی هەیە کە رۆژ بە رۆژ لەمەرگ نزیك دەبنەوە یان بەمانایەکی دی بڕەوی رۆژنامەی ئازاد لە زۆر بووندایە و خوێنەر وەڕس بووە لە بوونی ئەو هەموو رۆژنامە حیزبیانەی کە هەمیشە کاریان دەرخستنی پرۆژە وشاردنەوەی کارە تەواو نەکراوەکانی حکومەتە و هەوڵی دا پۆشینی گەندەڵی و سستیەکانی دەسەڵاتە , ئەو حیزبانە لە ترسی نەخوێندنەوەی رۆژنامەکانیان هەوڵی ئەوە دەدەن ئەندامانی پارلەمان دنە بدەن تاکو بە هەر شێوازێك بێت سنوورێك بۆ داخستن و دەمکوتکردنی بیری و رای ئازاد بدەن.

هەر کۆمەڵگەیەك رۆژنامە و دەنگی ئازادی تێدا نەبێت هێمایەکە بۆ شکست و سیستمی تۆتالیتاریەتی ئەو دەسەڵاتە ,بوونی دیموکراسی پەیوەستە بە بوون و هاوکاری رۆژنامەی ئازاد ,کێشەی دەسەڵاتی کوردستانی باشوور ئەوەیە جاڕی دیموکراسی دەکات و خەونی پرۆژەی بە سیکۆلاریزمی کۆمەڵگە دەدات کەچی لەم چەند ساڵەی دوایدا چەندین رۆژنامە هەڕەشەی داخستن و چەند رۆژنامە نووسێك ئازاری جەستەیی دران لەتەك ئەوەشدا سزای زیندانی بۆ چەند رۆژنامەنووسێك دەرکرا.

ئاشکراکردنی ناوی جاش و مستەشار و کەسانی گەندەڵ یەکێك بووە لەو ئاما نجە پۆزەتیڤەی کە لەسەر رووپەڕی رۆژنامە ئازادەکان دەیبینین ,ئەگەر سەدان ساڵی دی لەسەر تەمەنی رۆژنامە حیزبیەکان ببوایە هەرگیز یادیان لەوە نەدەکردەوە پەردە لەسەر ئەو هەموو سستی و گەندەڵییە کە لەدەسەڵاتی کوردیدا هەیە گرنگی بە بڵاوکردنەوەی بدەن , .بۆیە هەڵە دەکەین ئەگەر رۆژنامەی حیزب بە رۆژنامەیەك بزانین خزمەت بە رەوتی رۆژنامە و کۆمەڵگە دەکات بەدەر لە خەونە ئایدیۆلۆژیەکەی.

ئەو پارلەمانەی هەنووکە گەمە بە پرۆژە یاسای کاری رۆژنامەنووسی دەکات چەند رۆژێك لەمەوبەر لەگەرمەی هەڕەشەکانی سوپای تورکیا بۆ نێو قوڵای خاکی کوردستان لەسروتێکی بێدەنگدا دەژیا و باسی قەدەغەکردنی جگەرەیان هێنابووە بەر باس و لێکۆڵینەوە ,دەبێت ئەوە لەیاد نەکەین بوونی پارلەمان جگە لە تێکچرژانی یاساکان و مەبەستی پاراستنی حیزب هیچی دی لە پشتەوە نییە .

ئەوەی کە گرنگە ئەمڕۆ لێی بێدەنگ نەبین ئەو پرۆژە یاسایەیە کە پارلەمان پەیڕەوی دەکات و هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی بدرێت لە لایەن رۆژنامەنووسان و رێکخراوە (N.G.O) کان کە بوار بە کار پێکردنی ئەو یاسایە نەدرێت ببێتە هۆی کوشتنی خەونی رۆژنامە و شکانی قەڵەمی ئازاد,کاتێك لەهەر کۆمەڵگەیەك رێگا لە بیر و رای ئازاد دەگیرێت دەروازەکانی ئازادی کەمتر دەبنەوە ,ئەو جەنگەی پارلەمان لەتەك رۆژنامەنووسان دەیکات هێمایەکە بۆ باڵادەستی حیزبەکان لە ناوپەرلەمان و پشت کردنە لە رەهەندەکانی ئازادی.